بیژەن زیبایی:

# شەهید سەعید بۆ گەلی کورد چرایەکی ڕووناک بوو




**30 گوڵانی ئەمساڵ 17 ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان لە لایەن شەهید سەعید یەزدانپەنا ڕێبەری گیانفیدا و هەڵکەوتووی گەلەکەمانەوە تێدەپەڕێ. "بۆکوردستان" لەبارەی کەسایەتی، ژیاننامەی شۆڕشگێڕیی و ڕێبازی سیاسیی شەهید سەعید، وتووێژی لەگەڵ کاک "بیژەن زیبایی" پێشمەرگەی دێرین و بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی PAK پێکهێنا.**

**"بۆ کوردستان" :** تکایە سەبارەت بە کەسایەتی و ژیاننامەی شۆڕشگێڕیی شەهید سەعید بۆ خوێنەرانی "بۆ کوردستان" بدوێن.

**بیژەن زیبایی:** ئەمن یەک لەو کەسانەم کە لە نزیکەوە لە گەڵ ڕێبەری شەهیدمان ژیان و خەباتم کردووە و زۆر بە باشی دەیناسم. ناسینی من دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان و سەردەمی خەبات لە ریزەکانی "سازمانی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران". ئەو کاتە شەهید سەعید لاوێکی کەم تەمەن بوو، بەڵام بەڕاستی لە باری سیاسی و فیکرییەوە بەقەدەر لووتکەی کێوێک بەرز بوو. شەهید سەعید، نەک هەر لە بواری سیاسییەوە هەڵکەوتوو بوو، بەڵکوو خاوەن کەسایەتییەکی نموونە بوو. ئەو دڵسۆز و خەمخۆری هاوڕێیانی بوو و هەر کێشە و گیروگرفتێکی بە باشترین شێوە چارەسەر دەکرد. بۆیە زۆر بە خێرایی توانی ببێتە جێگای سەرسوڕمانی هاوڕێیانی. بەڕاستی شەهید سەعید هەر لەو تەمەنەدا سەلماندی کە ڕێبەرێکی لێوەشاوە و لێهاتووە. زمان لە وەسفی ئەو ناتوانە و هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە پێکەوە بووین، بەڕاستی بۆ هەموو هاوڕێیانی مامۆستایەکی ڕاستەقینە بوو و هەر بۆیە زۆر بە خێرایی توانی لە بواری سیاسی و تەشکیلاتییەوە گەشە بکا. تایبەتمەندییەکی هەرە گەورەی شەهید سەعید ئاشکرابێژی بوو.

**"بۆ کوردستان" :** بیرۆکە و داهێنانەکانی شەهید سەعید چۆن دەبینن؟

**بیژەن زیبایی:** بیر و بۆچوونەکانی شەهید سەعید، لەو کاتەدا کە لە ڕێبەرایەتیی سازمانی چریکە فیدایییەکان بوو، ڕۆڵێکی گرینگ و بنەڕەتیی لە دیاریکردنی سیاسەتی حیزب، سەبارەت بە کورد هەبوو. بیرۆکەی ئەو بۆ دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، واتە PAKی ئێستا، لە دووای ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان لە ساڵی 1991، پڕبەپێستی بارودۆخەکە و زەروورەتێکی سیاسی بوو. ئەو شەهیدە نەمرە، تێگەیشت کە لە چوارچێوەی جەرەیانە سەرانسەرییەکان، مافەکانی گەلی کورد بەدی نایە. بۆیە ڕاشکاوانە و بێ هیچ ترس و لرزێک ڕایگەیاند کە ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین و مافی خۆشمانە وەکوو سەرجەم میللەتانی جیهان خاوەن ماف و ئازادیی نەتەوەیی بین. ئەو بیرۆکەیە لە سەردەمێکدا کە لە لایەکەوە خۆباوەڕیی نەتەوەیی لە لاوازترین ئاستی خۆیدا بوو و ئێرانچییەتی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو و لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی چینایەتی و بەرەی دژە ئیمپریالیستی و ... تا، لایەنەکانی بە خۆوە خەریک کردبوو، تێگەیشتنێکی بوێرانە بوو. **زۆر لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، پاش چەندین ساڵ لە هەنگاو و داهێنانە سیاسییەکانی شەهید سەعید، حەقانییەتی ڕێبازە سیاسییەکەیان بۆ ڕوون بووەوە و تەنانەت کردیان بە بەشێک لە بەرنامەی سیاسیی خۆیان. بۆ نموونە هێندێک لە لایەنەکان پاش چەندین ساڵ، هاتنەسەر ڕێبازی کوردستانی بوون و ناوی ئێرانیان لەسەر خۆ لابرد.**

کاتێ کە شەهید سەعید بۆ من باسی لە دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان کرد، بەڕاستی سەرم سوڕما کە چۆن بە خێرایی لەو دۆخەدا کە باسم کرد، توانی ئەو دەرک و تێگەیشتنە بەرزەی لە زەروورەتە سیاسییەکان هەبێ. بۆیە هەموو کاتێ شەهید سەعیدمان بە ڕێبەر و لە تەنیشت گەورە پیاوانی گەلەکەمان دادەنا و لە پشتی ڕادەوەستاین.

لەلایەکەوە، زۆر بەداخم کە تاوانی دوژمنان و نەیارانی گەلی کورد، ئەو دەرفەتەیان بە ڕێبەری شەهیدمان نەدا کە زۆرتر ژیان بکا و خۆی کاری ئەندازیاریی ناسیۆنالیزمی کوردی هەتا سەر ببا. لەلایەکی دیکەشەوە، خەیاڵی دامودەزگا تیرۆریستییەکانی دەوڵەتی ئێران، خەیاڵێکی خاو بوو. ئەوان پێیانوابوو بە شەهیدکردنی ڕێبەرەکەمان کۆتایی بە ڕێبازەکەی دێنن. بیری شەهید سەعید ئەوەندە دەوڵەمەندە کە نەتەنیا هاوڕێیانی بەڵکوو لایەنەکانی دیکەش تاهەتایە لێ تێر نابن. ئێستا، هەزاران سەعید درێژەدەری ڕێگاکەیین و ئاڵای حەقخوازی و ئازادیخوازییان هەڵگرتووە.

شەهید سەعیدی نەمر، چرایەکی ڕووناک بوو بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی جێگای خۆی بکاتەوە و هەستی نەتەوایەتی لە ناو میللەتی کورددا بەتین بکا.

**"بۆ کوردستان" :** سوپاس بۆ ئەوەی ئەم کاتەتان لە ئیختیاری "بۆ کوردستان" دانا.

**بیژەن زیبایی:** منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی ئەم هەلەتان بۆ من ڕەخساند. جێ خۆیەتی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدی سەرکردەمان کاک سەعیدی نەمر و سەرجەم شەهیدانی نزیک بە 17 ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانی پارتی ئازادیی کوردستان و بەگشتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، بنێرم.



## وەڵامێکی کورت بە قسەکانی کاک حەمەی حاجی مەحموود

خەلیل نادری




ژمارەی(5)ی "بۆ کوردستان" دیمانەیەکی لە گەڵ کاک حەمەی حاجی مەحموود سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیستی دێموکراتی کوردستان و کاک ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان بڵاو کردەوە و کە تایبەت بوو بە پێوەندیی هێندێ حیزبی سیاسیی کوردی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا و بەڕێوچوونی ڕێوڕەسمی "22 ڕێبەندان" لە شاری سلێمانی. من لێرە دا لە پرسی پێوەندی حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و گرتن و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی "22 ڕێبەندان" دەگەڕێم و ئەم پرسە بۆ خۆیان جێ دەهێڵم، بەڵام دەمەوێ وەڵامێکی کورت بە قسەکانی بەڕێز حەمەی حاجی مەحموود بدەمەوە.

بەڕێزیان لە دوو جێگەدا بەم شێوەیە باس لە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا:

"کورد لە ئێراندا زیاترە لە کوردستانی عێراق، بەڵام ڕێژەکەی بەرانبەر بە گەلانی دیکەی ئێران چەندەیە؟"

لە جێگەیەکی تردا ئاماژە بەوە دەکا کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایم تووشی هەڵە بووە، دەنا کۆماری ئیسلامی ئامادە بووە مافی کورد بدا.

جێگای سەرسوڕمانە کە سەرکردەی حیزبێکی سیاسی ئاگای لە ڕێژەی نەتەوەکەی خۆی لە پارچەیەکی وڵاتەکەیدا نەبێ. بۆ ئاگاداریی کاک حەمەی بەڕێز کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بە بڕوای ئەو نەتەوەیەکی کەمینەیە، ڕێژەکەی زۆر لە هێندێ گەلانی تری ئێران زیاترە و لە لایەکی دیکەوە گەلی کورد بەشێک نییە لە ئێران و نەتەوەیەکی جیاوازە و خاوەن کلتوور و فەرهەنگ و خاک و داب و نەریتی خۆیەتی و ئەگەریش کەمینە بێ، دەبێ وەک هەر نەتەوەیەک بە سەرجەم ماف و ئازادییەکانی خۆی بگا. کاک حەمەی حاجی مەحموود ئاماژە بەوە دەکا کە "ڕەفسەنجانی" وتوویەتی کوردی عێراق و ئێران یەک نەتەوەن ، ئیتر نەدەبوو کاک حەمە ئەو پرسیارە بکا. چۆنکە ڕەفسەنجانی پێی وتووە کە کورد لە ئێراندا بەشێکە لە نەتەوەیەکی 45 میلیۆنی! بۆیە وەک هەر نەتەوەیەک دەبێ مافی خۆی هەبێ.

سەبارەت بەوەی کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی هەڵە بووە، من دەڵێم ئەوەندەی پێوەندیی بەوەوە هەبێ کە کاک حەمە باسی دەکا، ناڕاستە! لە بەر ئەوەی زۆر جار و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گەلی کورد و حیزبەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خوازیاری ئەوەن کە کێشەی کورد بە دیالۆگ چارە سەر بکرێ و ئامادەن دانوستان بکەن. ژمارەیەک لە سەرکردەکانی کورد لە سەر مێزی دانوساندن لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا شەهید کراون و دەوڵەتی داگیرکەر وەڵامی ویست و داخوازیی گەلی کوردی بە ئاگر و گوللە داوەتەوە، ئەگەریش کاک حەمە ڕاست بکا، ئەوە من زەمانەتی ئەوە دەکەم کە ئەگەر کاک حەمە بتوانێ دەرگایەک بکاتەوە بۆ ئەوەی کورد بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بگا و تەنانەت بچووکترین ماف بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەسبەر بکا، ئێمە وەک گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی، ئامادەین بێینە پێشەوە و کورد قەت دیالۆگی ڕەت نەکردۆتەوە.

وەک ئاخرین قسەم دەڵێم، شتێکی جێی سەرسوڕمانە کە کەسایەتییەکی سیاسیی کورد و کەسێکی وەک کاک "حەمەی حاجی مەحموود" کە بەشی زۆری تەمەنی لە پێشمەرگایەتی تێپەڕاندووە، هەڵوێستی بەرانبەر بە کێشەی نەتەوەکەی خۆی لە بەشێکی وڵاتەکەیدا بەو شێوەیە بێ و تاج و تەختی ڕێژیمی ئێرانیش لە دۆخێکدا نییە کە چاوڕوانی پاداشتی لێ بکرێ و چارەنووسی سیاسیی حیزبیی پێبسپێرێ. ئەو دەورانە کۆتایی هات.

# لاو و سیاسەت

شیراز

تەمەنی لاویەتی، سەرەتای بەدەستهێنانی کەسایەتیی سەربەخۆی ئینسانییە و مرۆڤ تێیدا ئامادەی بەشداریی توندوتۆڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ. بۆیە ئەم قۆناخە لە ژیانی ئینسان، خاوەن بایەخ و دەستیان بۆ ئەنجامی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا ئاواڵە دەهێڵن؟

بەداخەوە کۆمەڵگای کوردی بەگشتی، تاکوو ئەمڕۆ، بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و فەرهەنگییەی تێیدا تێپەڕ بووە، پیرسالاریی پێوە دیارە و لاوان نەیانتوانیوە تێیدا بەڕادەی بێشک زۆرتر لە هەر کەسێک، لاوان دەبێ خەمی ئەم مەسەلەیە بخۆن و بە تێکەڵبوون بە کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دیاریکردنی چارەنووس، واتە:"سیاسەت،" دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن.



گرینگییەکی لەڕادەبەدەرە.

کچ و کوڕانی جەوان، کۆمەڵێک ئاوات و ئارەزوویان هەیە و دەیانهەوێ ژیانێکی خۆش و بەچێژ لە کۆمەڵگاکەیاندا موسەوگەر بکەن. لاوان، ویست و داخوازیی نوێیان پێیە و بە دووای نوێکاری و جوانکاریدا دەگەڕێن.

بەڵام، داخۆ خەڵک تا چ ڕادەیەک دەرکی لاوان و داخوازییەکانیان دەکەن و پێویست دەوری بنەڕەتی لە دیاریکردنی چارەنووسیان بگێڕن. کچان و کوڕانی ئێمە، بەردەوام لە لایەن نیهادە جۆراوجۆرە سیاسی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگەوە سەرکوت دەکرێن و لە قەیرانە جۆراوجۆرەکان و دوور لە ئازادی و ئاسایشدا ژیان بەسەر دەبەن.

ئێستا، لاوان چۆن دەتوانن لەم دۆخە ڕزگاریان بێ و بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دڵخواز و هێنانەدیی ئاوات و ئارەزووەکانیان هەنگاو هەڵێنن؟

لەوێڕای کە خەباتی سیاسیی ئێمەی کورد تێکەڵ بووە بە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی گەل و نیشتمان، ئەو زەروورەتە دووچەندان بووە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە من و هاوبیرانمەوە لە پارتی ئازادیی کوردستانەوە هەبێ، لاوان زۆربەی ئەندامانی حیزبەکەمیانی پێکهێناوە و بە فیکرێکی جەوانەوە بۆ بنیاتنانی ژیانی دڵخوازی توێژی لاو و کۆمەڵگایەکی نوێ و سەردەمیانە تێدەکۆشین.